السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵانی لە بەیانی ڕۆژی چوارەمی (-ذي الحجة- گەیشتنە مەککە بە مەبەستی ئیحرام بەست بۆ حەجکردن)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکردن مەبەستیان لە ئیحرام بەستن بۆ عومرە کردن بێت، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ڕێگەپێدراوە چی شتێکی حەرامکراوی ئیحرام ئەنجام بدەین؟ ئەویش فەرمووی: هەموو شتێکی حەرامکراوی ئیحرام؛ حەڵاڵ دەبێت

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵانی لە بەیانی ڕۆژی چوارەمی (-ذي الحجة- گەیشتنە مەککە بە مەبەستی ئیحرام بەستن بۆ حەجکردن)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکردن مەبەستیان لە ئیحرام بەستن بۆ عومرە کردن بێت، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ڕێگەپێدراوە چی شتێکی حەرامکراوی ئیحرام ئەنجام بدەین؟ ئەویش فەرمووی: هەموو شتێکی حەرامکراوی ئیحرام؛ حەڵاڵ دەبێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵانی لە بەیانی ڕۆژی چوارەمی (-ذي الحجة- گەیشتنە مەککە بە مەبەستی ئیحرام بەست بۆ حەجکردن وهەندێکیان ویستیان حەج وعومرە پێکەوە ئەنجامبدەن)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بەوانە کرد کە قوربانیان نەکردووە لەم دوو کۆمەڵەیە کە دەستهەڵگرن لە ئیحرام بەستن بۆ حەج کە ئەمیش هەموو شتێک حەڵاڵ دەکات وئەوانیش ئەمەیان بە لاوە شتێکی گەورەوە بوو، چونکە پاش عومرە کردن هەموو شتێکی حەڵاڵکراو ڕێگەپێدراوە لەوانەش جیماع کردن؛ پێش بەستنی ئیحرام بۆ ئەنجامدانی حەج، بۆیە پرسیاریان لێیکرد ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ڕێگەپێدراوە چی شتێکی حەرامکراوی ئیحرام ئەنجام بدەین؟ ئەویش فەرمووی: هەموو شتێک پێش ئیحرام بەستن حەڵاڵ بووە هەر بە حەڵاڵی دەمێنێتەوە، ئەوانیش فەرمانی پێغەمبەریان جێبەجێکرد -صلى الله عليه وسلم-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4537

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee